# رۆژى دايک !

كەيهان عەزيز
kayhanaziz@maktoob.com

دوايين رۆژ كەبەناچارى ماڵەوەم بەجێهێشت، وايانده‌زانى كاتێكى تر دێت كەبگەرێمەوە!.وەلێ من چاك دەمزانى دوا رۆشتنى بێگەرانەوەم دەبێت.

دوێنێ بەيانى (2004_05_9) هەر لەخەو هەستام لەبەر ژانەسەر ئارەزووى قسەكردنم نەبوو!.هاوسەرەكەم وايدەزانى رۆژى دايكە بۆيە وا دیپريستم و تاقەتى قسەكردنم نييە!.هەر بۆيە ووتى: پێمچاكە ئەمرۆ تەلەفۆنێك بۆ دايكت بكەيت و ئاشتى بكەيتەوە!.منيش ووتم ،تكايە داواى ئەوكارەم لێ مەكەو ئەوانيشم بير مەخەرەوە!، سەر ئێشەكەى من هى دوێنێ شەوە كە زۆرم خواردبووەوە! نەك خەمى دوورى ئەوان بێت!. پاشان بەمەبەستى پياسەكردن بەرەو دارستانێكى نزيكى ماڵمان كەوتينە رێ .

نزيكەى 10 خولەك بە نێو دارستانەكەدا پياسەمان دەكردو هيچكامێكمان ووشەيەكى لەدەم نەدەهاتە دەرا!،تا لەناكاو ووتى : لاى ئێوە رۆژى دايك هەيە؟

وتم : تا من لەوێ بووم نەخێر،جا نازانم بۆ ئێستا!.

- بەراست، چۆن شتى وا دەبێت؟

_بەڵێ بۆ نا؟،لەو كۆمەڵگايەى منى تيا دەژيام هەموو شتێك لنگەوقووچ بوو!،ئەوەى تۆ بيرت بۆى ناچێت لەكۆمەڵگايەكى وادا دەبێت پێشبينى بكەيت. ئيدى رۆژى دايك و جێژنى لەدايكبوونى چيم بۆ باس دەكەيت!.

تا منداڵ بووم هەفتەى دوو تيرۆكى تيا دەشكاندم،كە گەورەش بووم بابم و براگەورەكەم و شێخ بورى دەناردە ويزەم ،ئەوان دەكەوتنە ويزەم ،ئەو دڕندەيەى دايكيشم دەبووە مايستڕۆيان و دەيدامە بەر رەگبارى جنێو!.

ـشێخ بورى كێيە؟ئەو بۆ دەهاتە ويزەت ؟

_گێلە پياوێكى تابينەقاقا نەخوێنەوار و ئاستترم و شرەخۆر بوو، دەبوا دكتۆراى لە ناڵكردن و سمينى گوێدرێژ هەبايە.سەير بوو ،گەر بەرێكەوت پارەى لەگيرفاندا بايە خواى نەدەناسى و دنياى بە كەوشەكانى دەزانى ، كە بێپارەش دەبوو، دەبووە كەوشى دنيا.زۆر جاران دايكە سەرسپيە ميهرەبانە فەراشەكەى نانكەرى مالانيشى بۆ دەكردا!،كەچى شێخ بۆرى ئێستاكە ئەو دەورانەى فەرامۆش كردووە و خۆى لێبۆوەتە شێخى شێخان و ريتمى قسەكانى لە ريتمى گيتارێكى تەلپچراو دەكەن!.بگەرێمەوە سەر ئەو جانەوەرەى كە لەبەرگى دايك و باوكدا خۆيانده‌نواند و وەك سەدام و درندەكانى ديكە رەفتاريان لەگەڵ منداڵەكانيان دەكردا. بروا دەكەيت هێندەى لەبەر دڕندەيى ماڵەوە هەلاتووم نيو هێندە لەبەر دڕندەيى رژێم هەڵنەهاتبووم؟!.

**خوا بەوەی ڕەحم کرد،کە دایك و بابم و شێخ بۆری هەمیشەدەستکورت بوون.دەنا گەر بەئەندازەی دەسەڵاتدارانی کورد دەستیان بایە،ئەوا سەدام لەچاو ئەوان دەبووە نیلسۆن ماندیلا.**

**ـ ئاخر چۆن هێندە کێوی و درندە بوون؟**

**ئەمە تەنها دەردی من نییە،بگرە زووربەی دایك وباوکانی خۆرهەڵاتی نێوەراست وەك سەرانی سیاسی دەسەڵاتدار ،دیکتاتۆرن. یەکێك لەهۆکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئازار و داپڵۆسینەی کە دەسەڵاتداران لەبەرانبەریان کردوون و،داخی ئەو کارەش لە منداڵەکانیان بکەنەوە!.بەکورتیەکەی دایك وباوك داخی ئەو شەقە مزرانەی کەخواردوویانە ،لەمنداڵەکانیان دەکەنەوە!.**

**ئەمە تەنها نەگبەتی من نییە، زۆربەی کۆمەڵگاکەمان دایك و باوکی وا نموونەیان هەیە!.تەنانەت ئازادی هاورێشم کە تا دوێنێ دەیگووت ماڵەوە ئاشتکەرەوە ،ئەمرۆ هەمان بۆچوونی منی هەیە!.**

**ـ چۆن وا بەئاسانی؟**

**بەڵێ.لەم رۆژانەدا یەکترمان بینی دەیگووت ،ئێستا منیش هاتمە سەر بروای تۆ!.**

**وتم: چۆن؟**

**بە پێکەنینەوە وتی: کارتێکی 30 دەقەییم کڕیووە و 3 مانگە لەگەڵ دایکمدا قسەی پێدەکەم !،کەچی هەر تەواو نابێ!!،قسەکەی تۆم بیرکەوتەوە کە پێتدەگووتم :کاتێك مرۆڤ ڕابردوویەکی تەڵخ وتاڵی لەگەڵ ماڵەوەدا بووبێت ،گەر ئاشتیشیان بکاتەوە سوودێکی نابێت، چونکە هیچ خاڵ و بابەتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا نەماوە تا قسەی لەسەر بکەن،هەر بۆیە کارتێکی تەلەفۆن بەشی 3 مانگ قسەکردن دەکات !.**

Breda ,
19-05-2004